**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

ماددەی (سێ یەم) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەری ژمارە (٨٧) ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە کار دەوەستێنرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو گرێ بەستانەی بە کرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون کە دوای ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

**دووەم:** ئەو گرێ بەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون پێش ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون و،ماوەکەیان کۆتایی پێهاتووە، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، بەمەرجی پابەندکردنی (الزام) بە کرێدەر و کرێچی بە گرێدانی گرێبەستێکی بەکرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە چوار ساڵ کەمتر نەبێت، بەکرێ یەك کە هەردوو لا لەسەری رێك دەکەون.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەستەکە رێك نەکەوتن لەسەر بری کرێ کە بە پێ ماددەی (١/دووەم) لەم یاسایە داهاتووە، هەردوو لایەن یان لایەکیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەستی دیارکردنی بری کرێ کە لە رێگەی لیژنەیەك کە پێك دێت بە سەرۆکایەتی دادوەری دادگاکە و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە بەرێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی تایبەتمەند و بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند.

**دووەم:** بڕیاری لیژنەی پێك هێنراو بە پێ ی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شیاوی پێداچوونەوەیە لە لایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی ( ١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەکە، و بڕیاری دەرچوو بە بن بڕ دادەنرێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** حوکمی ماددەکانی (١) و ماددەی (٢) ی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت بەسەر ئەو داوایانەی کە لەبەردەم دادبیندان یان بڕیاری چۆڵکردنیان بۆ دەرچووە وە پلەی بن بڕیان وەرنەگرتووە.

**دووەم:** وەستاندنی جێبەجێکردنی (ایقاف تنفیذ) حوکمەکانی چۆڵ کردن کە پلەی بن بڕیان وەرگرتووە، بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوون لە ماوەی بەرکاربوونی، جێبەجێ کراون (منفذة) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێ کردن.

**ماددەی (٤):**

ماددەی (چوارەم) لە یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق لەکار دەوەستێنرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** نابێ سالانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ماددەی (١/دووەم) ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەم ڕێژانەی خوارەوە زیاتربن:

١- (٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی بۆ نیشتەجی بوون ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢-(٦٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە ژوور، ژوور بۆ نیشتەجی بەکرێ دەدرێن.

٣- (٦٪) شەش لە سەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی کە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەجی بەکرێ دەدرێن

**دووەم:** مەبەست لە بەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەوییەکەو بیناکەیە لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.

**ماددەی (٥):**

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٦):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٧):**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاری و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی هاتۆتە ئاراوە ، لە پێناوی هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی هەردوو لایەنی گرێ بەستی بەکرێدان و بۆ ڕەخساندنی زەمینەسازی لە بار بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**